دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی داواکراو ڕادەگەیەنێت

بەڕێوەبەرایەتی ئۆپراسیۆنەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم، تیرۆریستێکی داعش لەنزیک قەزای چەمچەماڵ دەستگیر دەکەن.

لە ڕاگەیندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی هاتووە، "دوای بەدەستگەیشتنی زانیاری هەواڵگری لەلایەن دەزگای دژەتیرۆری حکومەتی عێراقی، لەسەر داواکراوێک کە داواکراوە لە دادگاکانی عێراق و بەمبەستی خۆشاردان ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئۆپراسیۆنەکانی دەزگای ئاسایش، دەستبەجێ دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنی داواکراو، لە ئۆپراسیۆنەکی پلان بەداڕێژراوی سەرکەوتوو لە لە سنوری قەزای چەمچەماڵ بە هاوکاری هێزەکانی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی، توانرا تیرۆریستەکە دەستگیربکەن و ڕادەستی یاسای بکەن".